# چەند یاداشتیکی سیاسی:

خەسرەو سایە

k.saya@ukonline.co.uk

## کوەیت: "دەنگدانی ژنانە"، وپەرلمانی پیاوانە!



ئیوارەی دوینێ 6/29 پرۆسەی هەلبژاردن لەکوەیت، بۆ پرکردنەوەی 50 کورسی پەرلمانی ئەم ولاتە کۆتایی پیهات. لەم هەلبژاردنەدا کە249 کەس لەچەندین رەوتی سیاسی خۆیان کاندید کردبوو لەنیویاندا 28 کاندیدیان ژن بوو. هەواله سەرەتاییکان رایانگەیاند کەنزیکەی لە٪60ی دەنگدەران ژنان بوون، یانی لەکۆی 340 هەزار کەس 195 هەزار ژن بەشداری کردووە ودەنگیان داوە، بەبی ئەوەی هیچ یەك لەکاندیداکانی ژنان دەنگ بهیننەوە.

لەمیژووی پەیدابوونی حکومەت و پەرلمانی ئەم ولاتەدا، وبەدوای نارەزایەتییەکی کۆمەلایەتی و سیاسی فراوانی ژناندا، ئەمە یەکەمین جارە کەژنانی کوەیت مافی دەنگدان و بەشداریکردنیان لەهەلبژاردنەکاندا پیبدریت. سەرەرای بەربەستی یاسایی و دەستووری و هەولی بەردەوامی رەوتە ئیسلامییەکان بۆ کەنارخستنی ژنان لەکایە سیاسی و کۆمەلایەتییەکاندا، بەلام بەشداری ژنان بە ریژەی لە٪60 لەم هەلبژاردنەدا، ئەتوانی نیشانەی بەخودا هاتنەوە و ئالۆگۆریکی سیاسی و کۆمەلایەتی بیت کەتیدا ژنان رۆلی سەرەکیان هەیە. هەروەها ئەم ریژە بەرزەی بەشداری ژنان بەبی دەنگیهنانەوەی هیچ یەك لەکاندیداتۆرەکانی ژنان و گەیشتیان بە کورسییەکانی پەرلمان، ناکۆکییەکی گەورەی سیاسی وکۆمەلایەتی نیشان دەدات کەلەپشتییەوە پیلانیکی کۆنەپەرستانە لەپیناو دژایەتی کردنی هاتنە سەرەوەی مافەکان و رۆلی ژنانی کویت، راوەستاوە. پیلانیك کەئەمیر و دەسەلاتدارانی قەبیلەیی و یاساو دەستووری دژە ژن و ئیسلامی سیاسی و رەوتەکانی تییدا هاوپەیمانن. ئەمانە کەلەسەر کورسییەکانی دەسەلات و پەرلمانی پیاوانەیان شەریانە، بەلام لەبەرامبەر ژنان ومافەکانیاندا "دوژمنانیکی تەباو یەکگرتوون". بیگومان بەشداری وهاتنەپیشەوەی ژنان لەم هەلبژاردنەدا ئەومەترسییەی بەرووی دەسەلاتدارانی قەبیلەیی و ئیسلامی لەکوەیتدا ئاشکراکردووە، کە ئەگەر تەنها یەك ژن ریگای گەیشتنی بەپەرلمان بۆبرەخسیت ئەوا ئەتوانی بەقەد خۆی فاکتۆریك بیت بۆ شلکردنەوەی پایەکانی کونەپەرستی قەبیلەیی و ئیسلامی نەك هەرلەم ولاتەدا، بەلکو لەتەواوی هەموو ئەو دەسەلاتانەی خەلیجدا کەبەدەستی رۆژئاواو بەدیار چالەنەوتیکەوە کراونەتەوە بریاردەر بەسەر موقەدەراتی هەزاران ئینسانی شەریف وئازادەدا.

سەرەنجام پیلان وهەولی هاوبەشی کونەپەرستان توانی پەرلمانی پیاوانەی خۆی سازداتەوە و ریگەنەدات بەگەیشتنی کاندیداتۆرەکانی ژنان بەکورسییەکانی پەرلمان، بەلام هەرگیز ئەمە ناتوانی ئەنجامیکی حەتمی بەردەم خەباتیکی ژنان بیت کەلەم ولاتەو باقی ولاتانی ئیسلام زادا هەنگاوەکانی خوی دەست پیکردووە.

کیشەی ژنان و خەباتەکەیان لەدەرەوەی پەرلمانی قەبیلەیی و لەنیوەندی کۆمەلگای مودیرن و چینایەتی سەردەمدا، وەك بەشیك لەبەرەیەکی رادیکال و چەپ و ئینسانی مەودایەکی فراوانتری لەکیشمەکیشی سیاسی لەپیناو ئازادی ویەکسانیدا خستۆتە بەر پیی خۆیەوە. پەنگخواردنەوەی کیشەی ژنان لەکوەیت و ولاتانی رۆژهەلات بەحوکمی لەسەرکاربوونی دەسەلاتیکی کۆنەپەرستانەو زال کردنی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر ژیانی کۆمەلگادا، بەئەکیدەوە ژنان وبزوتنەوەکەیان دەکاتە فاکتۆریك کەتەقینەوە وئالۆگۆرەکانی داهاتووی ئەم کۆمەلگایانە بەخەسلەتی ژنانەوە دەردینی، ئەمەیە ئەو داهاتووەی کەلەهەلبژاردنەکانی کوەیت و بەشداری ژناندا دەخویندریتەوە و هیچ پلانیکی کۆنەپەرستانش ناتوانی بەرلەدەرکەوتن وپیشرەوییەکانی بگریت.

## فەلەستین: غەزە لەبەردەم پەلاماریکی خویناویدا!

ئەمجارەش فراندنی سەربازیکی ئیسرائیلی، لەلایەن چەکدارەکانی حەماسەوە، ئەو بەهانەیەی داوەتە دەست حکومەتی ئیسرائیل کە دەست بەریت بۆ سازدانی هیرشیکی سەربازی بۆسەر خەلکی فەلەستین. هەر ئیستا لەشکرکیشی و هینانی تۆپ وتانك و فرۆکەو هەزاران سەرباز لەسەرووی ناوچەی غەزەوە نیشان ئەدات کە جەنگیکی خویناوی بەریوەیە. یەکەمین هەنگاوەکانی ئەم پەلامارە دەستگیرکردنی 8 وەزیر و21 کەس لەنوینەران وسەرۆکی شارەوانییەکانی ناوچەی غەزەو ئاوارەبوونی هەزان کەس و سەرگەردانکردنی سەدان خیزانی فەلەستینی بەدواوە بووە.

لەبەرامبەر ئەم باروۆدخەدا، وەك عادەتیکی رۆتینی ئەمریکاو دەولەتانی رۆژئاوا داوایان کردووەکە" لایەنەکانی دەرگیر سەبربکەن" وباروۆدخەکە ئالۆزنەکەن! ولاتانی عەرەبیش بەوهۆیەوە کەنایانەویت دەستگرتنی حەماس ببیتە هۆیەك بۆ بەهیزکردنی "ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی" ولاتەکانی خۆیان

هەموو هەلویستگرتنیکیان فریداوەتە سەرشانی "جامیعەی عەرەبی". کۆفی عەنان و بەرپرسیارانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان بەبێ خەبەری‌یەوە دینە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان وەیا خەریکی کاویژکردنەوەی قسەکانی کۆندۆلیزارایس و سەرانی دەولەتانی رۆژئاوان!.. بەم حالەوە غەزە لەچاوەروانی پەلاماریکی خۆیناویدایە، کەکەس نازانی قوربانیانی ئەمجارە چەندە زۆرتر لەتاوانەکانی سەبراو شەتیلاو موخەیەماتی فەلەستینی‌یەکان دەبی. کەس نازانی ئەمجارەش چەند مال و قوتابخانەو نەخۆشخانەو شوینی ژیانی خەلکی مەدەنی وبیدیفاعی فەلەستین تیك و پیك دەدریٚ و چەندە هەزار ژن و منال و وخیزانیش ئاوارەو سەرگەردان دەبن و بەناچاری  لەنیو ژیانی چادردا، بەدیار کۆمەکی دەزگاکانی یوئین و ریکخراوە خیرخوازەکانەوە دەمیننەوە!!. ..

هیشتا بەمەرحەمەتی هەولەکانی میسر ئەم پەلامارو کارەساتە بۆماوەی 48 سەعاتی تر دورخراوەتەوە، بەلام لغاوی لەشکرکیشی و وپەلاماری ئینسان کوژی، هەرلەدەستی ئەفسەران و کاربەدەستانی حکومەتی فاشیست و ئینسان کوژی ئیسرائیلدایە. بەپیچەوانەوە ئامانج لەم لەشکرکیشی‌یەو لەم تاوانانە ئازادکردنی سەربازیکی گیراو نی‌یە، تەنانەت مەسەلەکە پاراستنی ئەمنەیەتی ئیسرائیل و دورخستنەوەی خەتەری رۆکیت و پەلامارە خۆکوژی‌یەکانی حەماس نی‌یە، بەلکو ئەوەی مەبەستە بەشکست کیشانی یەکجاری حکومەتی حەماس و گیرانەوەی باروۆدخی نیوان ئیسرائیل و فەلەستینی‌یەکانە بۆ سەردەمانیك کە بزوتنەوەی فەتح و محمود عەباس دەسەلاتی تاقانەیان هەبوو. بەتایبەتی بەدوای بردنەوەی حەماس لەهەلبژاردنەکاندا، نەك هەر ریکخراوی فەتح ودەسەلاتەکەی وەك تەرەفیکی سەرەکی نیو سازان وگفت وگۆکانی لەبازنەی "پرۆسەی ئاشتی" دەرکیشا، بەلکو  ئەمریکاو رۆژئاوای لەگەل ناکۆکی‌یەکی بنەرەتی بەرەو رووکردەوە. لەلایەك حەماس وحکومەتەکەی  بەوهۆیەوە بەرهەمی هەمان سیناریۆی دەنگدان ودیموکراسی ئەمریکاین وبەدوای صندوقەکانی دەنگدانەوە  دەسەلاتیان کەوتۆتەدەست، تەجاوازکردنی هەروا سادەنی‌یە، ولەلایەکی‌تریشەوە بەهۆی دانانی حەماس لەلیستی ریکخراوە تیرۆریستی‌یەکاندا، دەرگای سازان و گفت و گۆی نیوان فەلەستین و ئیسرائیلی بەستووە. هەولەکانی تائیستای ئەمریکاو رۆژ ئاوا لەراستای گەمارۆدانی حکومەتی حەماس و تەریك کردنەوەی لەدنیای عەرەبدا، هەروەها مەرجدانان بۆ حەماس لەچەشنی ئیعترافکردن بەئیسرائیل و دەست هەلگرتن لەکاری چەکداری وتیرۆریستی.. تائیستا نەك بەئەنجامیکی هیوابەخش نەگەیشتووە، بەلکو ئەوزاعی فەلەستینی لەنیو تەقینەوەی شەری ناوخۆ و تیکچوونی یەکجاری دا راگرتووە. لەوەها حالەتیکدایە کە  جەنگ وپەلاماری سەربازی بۆحکومەتی ئیسرائیل بەپشتیوانی ئەمریکاو رۆژئاوا بۆتە پیویستی‌یەکی فەوری، تا ئەم ناکۆکی‌یە یەکلابیتەوە وباروۆدخەکان بەرەو ئاستیك بەریت کە تییدا حکومەتی حەماس لەهاوکیشە سیاسی‌یەکان وەدرەنراوە وئیتر ریٚگری‌یەك بۆگفت و گۆکانی "پرۆسەی ئاشتی" بەمەیلی ئەمریکاو رۆژئاوا و دەولەتی ئیسرائیل لەئارادا نەمابیت. ئەنجامیکی ئاواش بیشك بەنرخی کاولکردن وداسەپاندنی ئاوارەیی ولەخوین هەلکیشانی ژیانی هەزاران خیزانی بیدیفاعی فەلەستینی تەواودەبی.

## عیراق: "مالیکی" ئاشتی لە پیناوی راکیشانەوەی بەعسی‌یەکاندا؟

چەند رۆژیك لەمەوبەر مالیکی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی تازەی عیراق لەبەردەم پەرلمان ونوینەرانی لایەنەکاندا، بانگەشەیەکی بۆ "موسالەحەی نیشتمانی"، راگەیاند. مەبەستی ئەم هەنگاوەی مالیکی، گوایە وەلامدانەوەیە بە بەباروۆدخی تیرۆرو تەقاندنەوە و نائارامی‌یەك کەشارەکانی عیراقی گرتۆتەوە، ئەمەش لەریگای پیکهینانی هەیئەتیکەوە دەبیت لەنوینەرانی کیتلەکانی پەرلمان و هەیئەتە ریئاسی‌یەکان تابکەونە موفاوەزات و دانوسانەوە لەگەل لایەنەچەکدارەکان وئەوانەی کە دەوریان هەیە لە"موقاوەمەی چەکداریدا" دژ بە هیزەکانی ئەمریکاو حکومەت. ئەگەرچی ئەم بانگەشەیە لەنیو هۆلەکانی پەرلمانەوە لەلایەن نوینەرانی لایەنە سەرەکی‌یەکانەوە پیشوازی لیکرا، لەوانە بەەری تەوافقی عیراقی و بەرەی نیشتمانی عیراق و لیستی هاوپەیمانیتی کوردستانی و حیواری نیشتمانی.. بەلام زۆری نەبرد لەودیو دیوارەکانی پەرلمانەوە، ئەم بانگەشەیەی مالیکی جگەلە شەرت ومەرجی لایەنە"سوونی‌یەکان" ووناڕەزایەتی ئەمریکا و داوای کوردەکان، لەگەل بەیاننامەی 10 گروپ و ریکخراوی چەکداری ئیسلامی وبەعسی بەرەو رووبوەوە. بەلام ئایا مالیکی دەتوانی لەم هەنگاوەیدا سەرکەوتووبیت؟ ئایا موسالەحەی نیشتمانی وپیکهینانی "حکومەتی یەکگرتوو" دەتوانی ریگایەك بیت بۆ بەستنی دەرگاکان بەرووی تیرۆرو تیرۆریستان و چەك بەدەستانیکدا کە کۆمەلگای عیراقیان لەخوین هەلکیشاوە؟

لەکوشتنی زەرقاوی‌یەوە تا نەخشەی ئەمنی بەغدا وئەم هەنگاوەش کە بەناوی موسالەحەی نیشتمانی‌یەوە خراوەتە روو، رەوتیکی دراماتیکی بیچارە لەتەمەنی کورتی حکومەتی مالیکیدا دەخاتەپیشچاوو کەهەرگیز ناتوانی باروۆدخی ئیستای عیراق بەرەو ئارامی بەریت. حکومەتی مالیکی کە خوی لەسەر بورکانی ناکوکی‌یەکی گەورەی ئاینی وتایەفەگەری و قەومی دامەزراوە و بەزۆری ئیحتلال و مانەوەی هیزەکانی ئەمریکا خوی راگرتووە، حکومەتیك کەخۆی فاکتۆر و سەرچاوەی تیرۆرو نائەمنکردنی کۆمەلگای عیراقەو لەپشتی‌یەوە میلیشیاکانی بەدر و صەدرو ئەوانی تریش کەبەنەهینی خۆیان خزاندۆتە نیو دەزگاکانی پۆلیس و موخابەراتەوە، نەك هەر ناتوانی کیشەی ئەمنی کۆمەلگا چارەسەربکات، بەلکو بەدەستهینانی ئەم ئاواتەی خەلك بەندە بەتیپەرین لەم حکومەتەو هەردەزگایەکەوە کە بەرهەمی داگیرکاری‌یە. مالکی وحکومەتەکەی بیلایەن نی‌یە، نەخشەیەك کەئەو بەدەستی‌یەوەیە بەپلەی یەکەم داپۆشینی هۆکارە سەرەکی‌یەکانی باروۆدخی ناهەمواری ئیستای عیراقە، لەپیشیانەوە مانەوەی ئیحتلال و هیزەکانی ئەمریکا و دەخالەتیان وەك سەرچاوەیەك بۆ پەرەگرتنی تیرۆرو کوشتار و نائەمنکردنی کۆمەلگای عیراق. ئەگەر حکومەتی عەلاوی لەپیشوودا خوی لەمەسەلەی ئیحتلال بووارد و کەوتە

رووخان و تیكدانی مال و حالی خەلك، ئەگەر حكومەتی دوای ئەویش، یانی حكومەتی جەعفەری بە هەمان خەسلەتەوە تەنوری شەری تایەفەگەری وقەومی داخست، ئەوا حكومەتەكەی مالیكی كەپالی بەهەمان هۆكاری ئیحتلال و سیاسەتیكەوە داوە كەئەمریكا لەعیراقدا دەیبات بەریوە، ئەوا ئەنجامیكی زیاتری لەوانی پیش خوی نابیت.

بەلام ئەوەی كەحكومەتی مالیكی لەم تەرحەدا لەحكومەتەكانی عەلاوی وجەعفەری جیادەكاتەوە ئیعترافكردنە بە بەعسی‌یەكان و پاشماوەكانی حكومەتی بەعس لەژیرناوی ئاشتبوونەوەی گشتی وپیكهینانی حكومەتی هاوبەشدا. پیشنیاری مالیكی بۆ چاو پیداخشاندنەوە بە"یاسای بنەبركردنی بەعس" خۆی هەولدانیكە بۆ راكیشانەوە و شەریك كردنی بەعسی‌یەكان لەحكومەتی ئیستادا. بیگومان ئارامكردنەوەی باروۆدخی ئیستای عیراق لەروانگەی بۆرژوازی وئەمریكاو لایەنەكانی‌یانەوە، پیویستی بەسوپایەكی یەكدەست وگویرایەڵی حكومەت دەخوازی. فاكتۆریكی ئاوا نەلەریگای قانونی كردنی میلیشیاكانی ئیستا و نەدەولەتیكردنی چەكدارەكانی "موقاوەمەی ئیسلامی"وبەشداریكردنیان لەحكومەتدا، بەناوی موسالەحەوە، بەدی‌دیت. لەمبارەوە گەرانەوە بۆ ئەفسەرانی بەعسی و پیرسونەلەكانی سوپای پیشوو زەروورەتیكی حەیاتی‌یە، كەراكیشانیان بەرلەهەموو شتیك سازان وگیرانەوەی ئیعتبارە بۆ كۆنەبەعسی‌یەكان و ئەوانەی بەناوی ترەوە لەبزوتنەوەی "موقاوەمەت"دا خۆیان ناساندووە. ئەوەی مالیكی گەرەكیەتی بەناوی موسالەحەوە پیی بگات لەناوەرۆكدا هەر ئەمەیەو نەهیچی تر..

29/6/2006